


کارۆ حسێن

---

**ناسنامەی کتێب: سەمفۆنیای عەشق، نووسینی ئاندری ژید، وەرگێڕانی شلێر ڕەشید، چاپ و بڵاوکردنەوەی ناوەندی غەزەلنووس.**




**ISBN: 978-622-973327-7-0**

www.kurdbookhouse.com

## ❖ ناساندنی کتێبی « ڕۆمانی سەمفۆنیای عەشق»

ڕۆمانێکی کاریگەر و جوان پێچەوانەی کورتی چیرۆکەکەی، لەوانەیە بۆهەمیشە کاریگەری بەسەر خوێنەرەکەیدا بهێنێتەوە.

بۆمن هەمیشە ئەو ڕۆمانانە سەرنجراکێشن کە باسی بابەتێکی کۆمەڵایەتی دەکەن، چونکە چیرۆکی ئەو ڕۆمانانە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا سەرەڕای جیاوازیەکان، بەڵام پێویست و کاریگەرن، گەر نووسەر و وەرگێرەکەی وریابن و بەدڵسۆزیەوە کارەکەی خۆیان بکەن.

قەشە ئەو پیاوە خێزاندارەی سەرەڕای هەبوونی پێنج منداڵی خۆی، کچێکی بێ لانەی نابینا هەڵدەگرێتەوە و پاشان هەرخۆی عاشقی دەبێ، لەو کاتەی کوڕەکەشی عاشقی دەبێت. کچەکە لەنێوان باوک و کوڕەکەیدا ئەوکاتەی نابینایە باوکەکەی خۆشدەوێت، بەڵام ئەوکاتەی نەشتەرگەری بۆدەکرێ بینایی بۆ دەگەڕێتەوە، شتەکان پێچەوانە دەبنەوە و کچەکە هەست بەتاوان دەکات، چونکە خەریکە جێگەی ژنێک لە دڵی مێردەکەیدا لەق دەکات. کچەکە ئەوکات دەزانێ کە خۆشەویستی کوڕەکە ڕاستەقینە و دروستتر بووە، بەراورد بە قەشەکە، بەڵام ئەوکات هەموو شتیک کۆتایی هاتووە و ڕۆمانەکە بە تراژیدیایەک کۆتایی دێت.

بروام وایە هەر خوێنەرێک خۆی دەبێت مانا و دەلالەتەکانی پشت چیرۆکێک شی بکاتەوە ... بەڵام ئەگەر قسەیەک لەسەر بابەتەکە بکەین وهەندێک پرسیار دابنێین کە لەوانەیە ببنە بەشێک لەپرسیارەکانی هەر خوێنەرێک ئەوا ئەم پرسیارانە دەکەین:-

www.kurdishbookhouse.com

ئایە عەشق پێویستی بە پێناسەکردنەوە هەیە یان هەر یەک عەشق هەیە و ئێمە دەیناسین و هەستمان پێ کردوە؟ یاسایەک هەیە بۆئەوەی مەعشوقەکەمانی پێ هەڵبژێرین؟ ئەگەر یاسایەک هەیە چیە؟ ئایە هەموو عەشقێک ڕاستەقینەیە؟ ئایە کات و بارودۆخێک هەیە تێیدا ئاسایی بێت دەستبەرداری مەعشوقەکەمان بین؟ ، ئایە کامانە مەعشوقن کەنابێت هەرگیز دەستبەرداریان ببین ؟ ئایە پێناسە باوەکانی خۆشەویستی و عەشق بۆ هەموو کۆمەڵگا و هەموو کاتێک و هەمو تاکێک گونجاون؟ ئایە ئێمە دروست خۆشەویستیمان کردووە ؟ .. ئایە ئەم پرسیارانە یان هەر پرسیارێکی تر بۆخۆیان دروستن لەبارەی عەشقەوە ؟!

ئەمە سەرە قەڵەمێک بوو وەک خوێنەرێک ئەو ئەرکەم بەجێهێنا کە بینینی کتێبێکی باشە و خستەڕوویەتی بۆخوێنەران، هیوادارم هەمووان ئەم کتێبە بەنرخە بخویننەوە کە ئێمە دەتوانین بەپێی پێوەرەکانی خۆمان وەک شاکارێک دیاری بکەین.

**این متن به صورت اختصاصی جهت انتشار در سایت خانه کتاب کُردی به نگارش درآمده است و هر نوع بازنشر آن با ذکر منبع «سایت خانه کتاب کردی مجاز می باشد.**

Website: www.kurdishbookhouse.com

Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse